# بەخشندەیی پارتی
# گۆشەیەکە لەدەسەڵاتی تۆتالیتاری

### *یەکگرتوویی خەڵك وئازادیخوازان د.کەمال ئازاد دەکات!*

**حەمـــەغەفـــور**

نەفسی بوونی ستەمی میللی بەسەر خەڵکی کوردستانەوە بەدرێژایی دەیان ساڵ، وەبەدەستەوەگرتنی ئەم زوڵمە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە بۆ گەیشتن بەمەرامە سیاسیی وتایبەتییە بەرتەسکەکانی، بەهیچ کلۆجێك بەتەنها ناتوانیّ تاسەر پەردەپۆشی ڕاستییە واوەترەکانی پێکهاتە وبنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی وژیانی هاوچەرخی خەڵکی کوردستان بکات. بزووتنەوەی ناسیونال–عەشیرەیی کوردی پەروەردەی ژانی برینێکی سەختترە لەخۆرەڵاتی ناویندا. ژانی درامای دەرهاویشتەی فاشیزم ونەتەوەچێتییەك کەلەماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا لەم ناوچەیەدا بەپاڵپشتی ئەمریکا وڕۆژئاوا دەسەڵاتی قۆرغکردووە وچەندین تراژیدیای ئینسانیی گەورەی خولقاندووە. کەبەشی زۆری ئەم تراژیدیایانە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هێنراون.

مایەپووچی ودەسکورتی سیاسی وئایدۆلۆژیکیی ئەم بزووتنەوەیە لەناو ڕەحمی کێبەرکێی حەقیرانەی فاشیزمێکی تەواو عەیاری عەرەبی، فارسی وتورکیدا چاوی بەدنیای سیاسەت هەڵێناوە، کەسەرەتا لەبەرامبەر زەوتکردنی ماڤ هاوولاتیبوونی یەکسان، وپاشان خەبات وبەرگری ڕەوای خەڵکی کوردزبانی ئەم وولاتانەدا لەپێناوی ئازادی وسەربەخۆییدا دەستی بۆ زەبر وزوڵم وسەرکوتی خوێناوییان بردووە. ئایدیۆلۆژیای بەعسیزمی عەرەبی وفاشیزمی ئاریامیهری پێشوو وئیسلامیزمی ئێستای فارسی لەئێراندا وتورکیزمی دەوڵەتی تورکیا، بەجۆرێك ئەم بزووتنەوە ناسیونالیستییە کوردییەی لەناو خۆیدا پەروەردە کردووە ولەقاڵبیداوە، مەحاڵە بتوانیّ کەش وهەوایەکی جیاواز لەوان بۆ ژیانی سیاسی خۆی پەیدابکات. ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی بەشێوەیەك لەگەڵ ئەو پەروەردەیەدا دەقیانگرتووە، کەلەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە مان ونەمانی خۆیان گرێداوە بە پەرچەکرداری خێڵەکی وکوێرانەی سەرووخەڵکییانەوە، وەبرەودان بەفاشیزمێکی کوردی ومەیلی پانکوردایەتییەکی بێمایەوە. هەرچەند بزووتنەوەی کوردایەتی لەسەر سەکۆی گۆڕانکارییە نوێیەکانی جیهان وناوچەکە وعێراقیشەوە دەستی لەسووچێکی دەسەڵاتی کاتی ومەشرووت گیربووە، بەڵام لەو ڕووەوە کەبنەمای سیاسی–ئایدۆلۆژیکی لەرزۆك ودژە خەڵکی، دژە سەردەم ومۆدیرنەیە، وەدژە کرانەوە ودژی ئازادییەکانە، ناتوانێت لاسایی هەمان شێوازی مانەوەی خۆی وەکو قوتابخانەکانی بەعسی وفاشیزمی ئێرانی وتورکی نەکاتەوە بۆ بەڕێوەبردن ومامەڵە لەگەڵ خەڵك وکۆمەڵگادا! ئاخر ئازادی هەوێنی یەکێتیی ویەکپارچەیی کۆمەڵگای مەدەنییە ولەسەر دڵ ودەروونی تاکەکانی هەڵکەنراوە، لەهەمان کاتیشدا کۆسپی گەورەی بەردەم

کۆنەپەرستیی ودواکەوتوویی وعەقڵییەتی عەشیرەییە. جیهان بەبێ ئازادی چاڵێکی تاریکە وژیانکردن تیایدا گەلێك دژوارە!

ڕفاندن وهەوڵی شوێنبزرکردنی د.کەمال سەید قادر پەلەقاژەیەکی پارتی بوو وەکو حیزبی دایکی ناسیونالیزمی کورد، بۆ چاوترساندنی خەڵك وکۆمەڵگای هاوچەرخی کوردستان وسەرکوتی ئازادییەکان ولەخوێنهەڵکێشانیان تیایدا. پارتی مەبەستی بوو لەناوبردنی د.کەمال بکاتە مەسیجێکی خەتەر وکۆمەڵگای هاوچەرخی کوردستان وەلەپێشیانەوە ڕووناکبیران وئازادیخوازانی پێ چاوترسێنبکات. هەتا دەسهەڵگرن لەبەرگریکردن لەئازادی سیاسی وئازادییە کۆمەڵایەتییەکان، ولەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای هەمەجی وعەشیرەیی خۆیدا ملکەچیانکات. بەڵام بەهەق دلێرانە لێیهاتینە دەست وڕەتکردنەوەی ئەو مەسیجەی پارتی، و وەستانەوە بۆ بەرگری لەئازادییەکان، سنووری جیاوازییە فیکری وئایدیۆلۆژییەکانی سڕییەوە ویەکێتییەکی واقعیی لێکەوتەوە. لەم نێوەدا ئازادی بێ قەید ومەرج بۆ د.کەمال بووە پەرچەمی بزووتنەوە وخەباتێك کەپارتی بەچۆکدا هێناوە. خەڵك وئازادیخوازانی کوردستان لەدەرەوە ولەناوەوە، بەشێوەیەکی ڕۆحی وقەلبی لەبەرامبەر بەپەلاماری دەسەڵات وعەقڵی خێڵەکی پارتیدا، یەکێتییەکی سەرتاسەریان پێکهێنا وسەرباری میدیای زەبەلاحی ئەوان، دەنگی تووڕەیی وناڕەزایەتیی خۆیان بەرفاندن وپاشان حوکمدانی د.کەمال بە30ساڵ زیندانی گەیاندە گەورەترین دەسەڵاتی جیهان. وە بوونە وویردی سەر زمان ولاپەڕەی بڵاوکراوە ناوخۆیی وتاڕادەیەك جیهانییەکانیش. ئێستاش کارمان گەیشتۆتە ئەوەی کەپارتیمان بەچۆکداهێناوە ودۆزی د.کەمال خەریکە لەبەرژەوەندی خەڵك وکۆمەڵگای شارستانی تەواودەبێت. بەڵام برێك کەس ونووسەری گوێ لەمستی پارتی خەریکی ئەوەن ئەم بەچۆکداهاتنەی پارتی لەبەردەم ئیرادەی ئازاد ویەکڕیزیی ئێمە خەڵك وئازادیخوازاندا لەباربەرن. دەیانەوێ بەبەرچاوی ئێمە وکۆمەڵگای کوردستان وجیهانەوە ئەم ڕاستییە پایەماڵکەن کەنزیك بە سێ مانگە بێووچان ئازادیخوازان لەپێناویدا شەونخوونیمان کێشاوە ولەپێناویدا یەکێتیمان درووستکردووە. پارتی لەهەوڵی ئەوەدایە بەهەرنرخێك بووە بەهاوکاری برێك ڕووناکبیر وقەڵەمبەدەستی خزمەتچیی خۆی، ئازادکردنی د.کەمال وەکو بەخشندەیی سەرانی پارتی بدەنەقەڵەم. بەڵام دەسەڵات ودادگا ویاسا وڕێسایەك کە باڵای عەقڵ وتوانای فیکری وئایدیۆلۆژی کورتتربێت لەباڵای "ڕەخنەکانی د.کەمال"، ولەبەردەمیاندا زەلیل وداماوبێ، نەك هەر شایستەی ئەوە نین خاوەن دەسەڵات وفەرمانڕەوابن، دەبێ بخرێنە پەراوێزی کۆمەڵی کوردستانەوە. بەخشندەییەك کەپارتی دەیەوێ بیدات بەدەم باوە بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستی خۆی لەدۆزی د.کەمالدا، گۆشەیەکە لەدەسەڵاتێکی تۆتالیتاری کەدەیان وسەدان کەسی ئازادیخواز وموخالیفی سیاسییان لەپشتەوە ولەتاریکیدا ناجوامێرانە شوێنبزرکردووە، وەلەوانەش ئەم هەوڵەی کە بۆ شوێنبزرکردنی د.کەمال دایان.

ئێمە ڕۆشنبیران وخەڵکی شەریف وئازادیخوازی کوردستان لەم ڕووبەڕووبوونەوەماندا لەگەڵ پارتیدا، وەکو چۆن بەیەکگرتووییمان دۆزی د.کەمالمان بەئێرە گەیاند، دەبێ هەنگاوەکانمان یەکگرتووانەتر وپتەوتر بکەین بۆ پووچەڵکردنەوەی هەوڵی گۆڕینی شکستی پارتی بەبەخشندەیی لەم دۆزەی د.کەمالدا. بەرژەوەندی خۆمان

وكۆمەڵگاكەمان لەم یەكڕیزییەماندا زۆر لەوە بەهێزترە پارتی بتوانێ پەلاماریٚكی ئاشكرا وبێپەردەی خۆی بۆ سەر گرنگترین وبنەڕەتیترین ماف وپێكهاتەی كۆمەڵگا، واتا ئازادی سیاسی وئازادی بیروڕا بە بەخشندەیی سەرانی خۆی بەئیمە وكۆمەڵگا بفرۆشێتەوە. ئازادی هەوێنی ژیانی ئینسانیی كۆمەڵگایە وتاكاتێك تۆتالیتاریزمی خێڵەكی چەكی لەدەستدایە ومەترسییە بۆ سەر كۆمەڵگاكەمان دەبێ بەرگریی لێ بكەین. كەمپەین بۆ ئازادی د.كەمال دەبێ بكەینە سەكۆیەكی گەورەتر بەپانتایی كوردستان بۆ بەرگری لەئازادییە سیاسییەكان. وەیەكیك لەهەنگاوە بەرجەستەكانی ئەم كەمپینە بەڕای من ئەمەیە كە دەسەبەجێ داوای ئازادی بێ قەید ومەرجی د.كەمال بكات. وە لەم پێناوەشدا دەبێت كەمپینەكەمان بەردەوام بێت، هەتا تۆتالیتاریزمی عەشیرەیی كوردی دەترنجێنینەوە ناو جێگای خۆی لەمێشكی خاوەنەكانیدا.

2006-1-27